# کۆچی دوایی پرۆفیسۆر "ئەریک مارکۆسن" زیانێکی گەورە لە بواری لێکۆڵینەوەی ژینۆسایددا



**شاخەوان شۆرش**
2007.03.03

"هەروەکو هەموومان هەستی پێدەکەین، بواری لێکۆڵینەوەی گەلکوژی و پێشگرتن بە گەلکوژی، بە نەمانی ئەو زۆر هەژارترە."
– د. گێیمس سمیس Dr James Smith

"ئێمە پیاوێکی گەورە، سەرکردەیەکی بەهرەمەند، خەباتکەرێکی پشوودرێژی ڕەوایەتی، لێکۆڵەرێکی بەتوانا، برادەرێکی گەورەمان لەدەست دا."[1]
– د. گریگۆری ستانتۆن Dr Gregory Stanton

ئەریک مارکۆسن (Eric Markusen) شارەزایەکی کۆمەڵناس بوو و بۆ ماوەی 17 ساڵ لە زانستگەی مینەسۆتا لە ئەمەریکا کاری کردووە، هەروەها بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەڕێوەبەری لێکۆلینەوەی گەلکوژی بوو، لە سەنتەری هۆلۆکۆست و گەلکوژی لە وڵاتی دانیمارکدا.

ئەریک مارکۆسن لێکۆڵەری ناسراو لە بواری ژینۆسایددا، لە ڕێکەوتی 29ی ژانیوەری 2007دا بە هۆی نەخۆشی کانسەر، لەتەمەنی 60 ساڵیدا، بەیەکجاری چاوی لێکنا، بەمجۆرە گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەی گەلکوژی و خەبات لە پێناوی پێشگرتن بە تاوانی گەلکوژی جێهێشت.
ئەریک مارکۆسن یەکێک بوو لە شارەزا چالاکەکانی بواری ژینۆساید و ئامادەی هەوڵی زیاتر بوو بۆ نەهێشتنی هزر و مەنتالی گەلکوژی و پێشگرتن بە کارەساتی گەلکوژی.
مارکۆسن لە کار و لێکۆڵینەوەدا زیاتر لە بواری کاری گۆڕەپاندا کارەکانی خۆی دەکرد. ئەو بۆ نمونە سەردانی ئەو شوێنانەی دەکرد کە کوشتاری بەکۆمەڵیان لێ ئەنجامدراوە، یا لە ئەنجامی کاری گەلکوژانەدا وێران کراون؛ وەکو سۆڤیەتی کۆن، کوشتارگەکانی کەمبۆدیا، دیهاتە وێرانکراوەکانی کرواتیا و بۆسنە، سنوری ئەریتریا و ئەسیوپیا، هەروەها دارفور. ئەو لەگەڵ ئەوەی نەخۆشی کانسەری هەبوو بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوەی زیاتر سەردانی ئەسیوپیای دواجار کرد.

ئەریک مارکۆسن لەگەڵ ڕۆبەرت گێی لیفتۆن دا (Robert Jay Lifton) لە ساڵی 1990 دا لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر هزر و مەنتالی گەلکوژی *Genocide Mentality* بە خەستی ئەنجامدا.[2] مارکۆسن لەوساوە چ بەتەنیا یا لەگەڵ شارەزایانی دیکە درێژەی بە لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتی دروستبوون و گەشەسەندنی مەنتالی گەلکوژانەی تاوانکاران ئەنجام داوە. مارکۆسن خاوەنی کۆمەڵی وتار و پەڕتووکە. ئەو بە هەوڵەکانی توانی ئەو لایەنەی بواری گەلکوژی زۆر پێش بخات و وابکات تێگەیشتنەکی باشتر بۆ تاوانی گەلکوژی گەڵاڵە بکرێت.

من ئەو کەسە سادە و لەخۆبردووەم لە ساڵی 2004 دا ناسی، کاتێ لە کۆرسی ژینۆسایدم لە زانستگەی کۆپنهاگن لە سەنتەری توێژینەوەی ئەفریکا لای ئەو و مارتین مەنیک (Martin Mennecke) وەرگرت. ماوەی ساڵێک لەوێ خوێندکاری ئەو کۆڕسە بووم، لەم ساڵەدا ئاشنایەتیمان لەگەڵ یەکدا پەیداکرد و ئەویش وردە وردە سەرنجی بۆ لای گەلی کورد و تاوانی گەلکوژی ئەنفال زیاتر بوو. مارکۆسن هەوڵی سازکردنی کۆنفرانسێکی بۆ گەلکوژی ئەنفال لە ساڵی 2005 دا، لەوەدا ئاگاداری کردمەوە، بەڵام بەداخەوە خەرجی بۆ سازکردنی کۆنفرانسەکە نەکرا و پرۆژەکە سەری نەگرت.
جارێکیان لە بەهاری ساڵی 2004دا لە یەکێک لە ڕۆژەکاندا وەکو خوێندکار، گوتنەوەیەکم لەسەر گەلکوژی ئەنفال و دادگای تایبەتی ئێراق پێشکەشکرد. پاش کورتەیەک سەبارەت بەعارەبکردن و کارەساتی ئەنفال، جەختم لەسەر ئەوە کردەوە، کەوا ئەو دادگایە بە بێ پرسی گەلی قوربانی کورد سازکراوە، ئێراقییە، عارەب بەسەریدا زاڵ دەبن، بێلایەن نابێ، بێتوانایە هتد. هەروەها گوتم تەنها بە کوشتنی سەدام چارەسەری هۆکارەکانی پشتی کارەساتی گەلکوژی ناکرێت، بۆیە پێویستە دادگایی سەدام لە دادگایەکی ڕەوادا ببێتە هۆی ئاشکراکردنی ڕاستیەکان و بەمجۆرە دەستنیشانی هۆکارەکانی پشتی گەلکوژی ئەنفال بکات هتد. دوای ئەوە، وادیاربوو مارکۆسن و مارتین (هەردوو مامۆستای کۆڕسەکە، مارکۆسن کۆمەڵناس و مارتین قانونناس) گوتنەکانیان بە دڵ بوو، پەیوەندیەکەمان بەهێزتر بوو.
پاش ئەو کۆڕسە پەیوەندیەکەمان بەردەوام بوو، چەند جارێک داوای ئامۆژگاری و تێبینیم سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لێکرد، ئەو لەگەڵ ئەوەی نەخۆش و پرکار بوو، بەڵام هەمیشە بە سینگێکی فراوانەوە دەهاتە پێش و ئامادەیی دەردەبڕی.

مەرگ ڕێگای پرۆفیسۆر ئەریک مارکۆسنی نەدا برشتی هەوڵەکانی بگاتە گەلکوژی ئەنفال و لەو گەلکوژییە تایبەتەشدا لێکۆڵینەوە بکات و کار بۆ ناساندنی ئەو کارەساتە بکات. من گومانم لەوەدا نییە، ئەو کاری خۆی دەکرد ئەگەر مەرگ ڕێگای بدابایە.

---

[1]سەیری ئەو وتارە بە ئینگلیزی سەبارەت بە کۆچیدوایی ئەریک مارکۆسن لە ڕێگای ئەو لینکەوە بکە:
http://www.aegistrust.org/index.php?option=com_content&task=view&id=577&Itemid=88
[2] ڕۆبەرت گێی لیفتۆن، لە شەستەکانەوە خەریکی ئەو بوارە بووە، هەرچی مارکۆسنە دواتر هاتۆتە ئەو گۆڕەپانە.